# شەونم

هۆنراوەی (80)

مزن بر دل ز نوک غمزە تیرم

مەپێکە دڵ بە غەمزە و نووکی تیرم
بەداوی چاوی مەستی تۆ ئەسیرم
گەیشتە ئەوپەڕی جوانی جەماڵت
زەکاتم پێ کەرەم کە زۆر فەقیرم
من ئەو تەیرەم بەیانان و شەوانە
لە هەیوانی سەروو دێ ویرەویرم
قەدەح پڕکە لە سایەی دەوڵەتی عیشق
جحێڵێکی بەبەختم گەرچی پیرم
وەها پڕبوو فەزای سینەم لە مەعشووق
کەفیکری بوونی خۆشم چوو لەبیرم
نیە غەیری حیسابی موتریب و مەی
ئەوی نووسیویە پێنووسی دەبیرم
لە هەنگامە و لەهەرکەس هەرکەسی وا
منەتباری هەواڵپرسینی پیرم
مەدە زاهید فریوم وەک مناڵان
بە باغ و سێوی سوور و شەکر وشیرم
لەگەڵ مەیخانەچی بەستوومە پەیمان
کە ڕۆژی خەم لە مەیخانەی حەسیرم
لەسایەی دەوڵەتی مەستی چ خۆشە
نەحەوجێی شا نە ئاتاجی وەزیرم
وەکوو حافز لە سینەمدایە گەنجێ
ڕەقیب چووزانێ چی تێدا زەمیرم

حافزی حەقیقی